# ژینگەی کوردستان

بژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی کوردی ژینگەدۆست

شیعر بۆ منداڵان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
ڕۆستەم خامۆش

سەرپەرشتیکردنی
ئاسۆ شکاک

چاپی یەکەم ٢٠٢٠

لە بڵاوکراوەکانی

ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە (٣)

لەسەر ئەرکی کۆمپانیای قەدەر، چاپ کراوە

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ژینگەی کوردستان
بابەت: شیعر بۆ منداڵان
بژاردەیەک لە شیعری
شاعیرانی کوردی ژینگەدۆست

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕۆستەم خامۆش
سەرپەرشتیکردنی: ئاسۆ شکاک
پیت چنین: ڕۆستەم خامۆش
نەخشەسازیی بەرگ: حامد محەمەد سەقزی
نەخشەسازیی ناوەوە: سۆران تاوەر

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ٢٠٢٠
تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە
چاپ: چاپخانەی شەهاب / هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی (١٨٦)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

## سوپاس و پێزانین

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم بگەیەنم بە شاعیرانی بەڕێزی بەشدار بوو، وە کۆمپانیای قەدەر، کە ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ.

**ئاسۆ شکاک**
سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری
هۆشیاری ژینگە

# پێشەکی

لە سۆنگەی هەستکردنمان بە بەرپرسیاریەتی و پاراستنی ژینگە و بە پاك و خاوێن ڕاگرتنی، کە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، بۆ ئەوەی هەمووومان بە تەندرووستی و ئاشتیی و ئارامیی تێیدا بژین، ئێمە وەك: (ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە) بیرمان لەوە کردەوە، کە پەرتووکێکی شیعریی چاپ بکەین و پێشکەش بە منداڵانی کوردزمانمان بکەین، کە سەرجەم شیعرەکان دەربارەی ژینگەن و ١٦ شاعیری بەڕێز و خامە جوان و ڕەنگین بەشدارن لەم پەرتووکە، کە زۆر دڵسۆزانە و خەمخۆرانە بۆ ژینگەیان نووسیوە.

وە زۆر سوپاس و دەستخۆشیمان هەیە بۆ شاعیرانی هێژا، کە ڕەزامەندییان نیشاندا بـۆ سەرخستنی پرۆژەکەمان.

ئێمەش بە ناوی (ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە) و وە بە ناوی شاعیرانی بەشداربوو لەم پەرتووکە، دەڵێین: سڵاوتان لێبێ منداڵانی خۆشەویستی کوردستان، قوتابیان و خوێندکارانی ئازیز و نەوەکانی دوارۆژی گەلەکەمان، وا بەدڵخۆشیی و خۆشحاڵییەکی زۆرەوە، ئەم پەرتووکەتان پێشکەش دەکەین و هیوامان وایە، کە بە وردیی بیخوێننەوەو دڵتان پێی خۆشبێ و سوودی لێ وەربگرن.

ڕاگەیاندنی
ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە
هەرێمی کوردستان- هەولێر ٢٠٢٠

# ناوی شاعیرەکان و ناوەڕۆک


١. عوسمان محەمەد هەورامی - ژینگە، ژینگەپەروەر
٢. ڕەزا شوان - ژینگەپارێزین، ژینگە مەشێوێنن

٣. لەتیف هەڵمەت - باران، درەخت
٤. ڕۆستەم خامۆش - ژینگەی قوتابخانە، کردەوەی چاک

٥. محەمەد بەرزی - ژینگە
٦. ئەمین محەمەد - ژینگەی کوردستان

٧. عوسمان دەروێش - شانزەی نیسان، دۆستی ژینگەم
٨. ئەلەند مزوری - ژینگەها مە، ژینگەه

٩. د. هاوژین سڵیوە - تیشکی خۆر، گوڵ
١٠. عەلی بەختەوەر - مەل و ڕاوچی، دارستان

١١. زیاد ڕەشاد قادر - چوونەسەیران
١٢. بڕوا موحەممەدی - پاراستنی ژینگە، ژینگەپارێزی

١٣. سەمیر بێچارە - چاندنی دار
١٤. د. سۆزان سۆفی - من گوڵم، ژینگەی کوردستان

١٥. زرار عەلی - باخەکەمان، پۆلیسی دارستان
١٦. شوان ئەحمەد - ژینگە، ژینگەی ئێمە

# ژینگە



ژینگە دایە گەورەیە
هەناسەی گشت جیهانە

هەردەم خەمدەرکەرەیە
لانەگەشەی هەموانە،

بمانەوێ شاد بژین
پێویستە بیپارێزین

ڕۆڵەی ئەمەکدار ئەبین
ئازیز و نازدار ئەبین،

تا دواهەناسەی ژیان
بەوێنەی ماڵەباوان

ژینگەمان زۆر خۆشئەوێ
دەردی لە بەدکار کەوێ

**عوسمان محەممەد هەورامی**
**سلێمانی ٢٠١٨/١٠/١٤**

# ژینگەپەروەر



درووود بـــۆ هـۆزانڤـانـێ
بـەهـای ژیـنـگـە ئـەزانـێ،
بەوشـەی جـوان و ڕەنگینی
زاری پــڕ لــە هــەنگوینی
ڕازی دڵـــی زارۆکـــــان
دروسـت و ڕاست و ڕەوان
لــە کوردســتـانـی جوانا
ئـەدا بـەگوێی هـەمـوانا..
دۆسـت و هـاوڕێی ژینگەیە
خـــاوەن ڕێــز و پێگـەیە
سـوپـاسـی لــەڕادەبەدەر
بــۆ هـۆگـر و دڵســۆزی
سـرووشـت و ژینگـەپەروەر.

عوسمان محەممەد هەورامی
سلێمانی ٢٠١٩/٤/١٤

# ژینگەپارێزین


گـروپی ژینگـەپـارێزیـن
بۆ کوردستان دڵسۆزین
جوانخوازین وپاکدۆستین
دژی پیسی و پەڵۆسین
دروشمی ئێمە ئەمەیە
جوانی و پاکی ژینگەیە
ژینگەی پاکی کوردستان
شـانـازییە بـۆ گشتمان
کوردستانمان بەهەشتە
شوێنی سەیران و گەشتە
هـەردەم پاکی پێویستە
پیـرۆزتـریـن مەبەستە



ڕەزا شوان / نەرویج
سوید ٢٠٢٠

# ژینگە مەشێوێنن

دار و دەوەن و دارستان
باخچە و چیمەن و گوڵستان
باڵندە و ئاژەڵی کێویی
کەو و سوێسکە و ڕێویی
شەقام و پۆل و خوێندنگا
هاوینەهەوار، سەیرانگا
چەم و جۆگە و کانی و تاڤگە
بەشێکن لە ژیان و ژینگە
گوڵیش بە دارەوە جوانە
چۆلەکەش لەسەر گوێسوانە
گەر کوردستانتان خۆشدەوێ
هیوادارن پێشبکەوێ
دار و درەخت و گوڵ بروێنن
سروشت و ژینگە مەشێوێنن
ئەوانەی ژینگەپارێزن
خۆشەویستن و زۆر بەڕێزن



ڕەزا شوان / نەرویج
سوید ٢٠٢٠

# باران

کاتێ باران دەبارێ
سەما دەکا گشت دارێ
دەرگا و پەنجەرەی ماڵان
گوێسەبانە و ناو کۆڵان
باڵندەی سەرگشت چڵێ
خەندەیان لێ دەقوڵێ
باران دەڵێ منداڵان
چاوەڕێم کەن دوای زستان
گوڵ و نانتان بۆ دێنم
دیاری جوانتان بۆ دێنم

لەتیف هەڵمەت / سلێمانی



# درەخت

من درەختم گشت دەمێ
بەر و دارتان دەدەمێ

دەخۆن بەر و بوومەکەم
لە پەلوپۆ و لقەکەم

درووست دەکەن تەختی جوان
بۆ قوتابخانە و ماڵان

مەلی بێ شوێن و جێگا
هێلانەم لەسەر دەکا

وەرن وەرن منداڵان
منم هاوڕێی هەمووتان

وەرن بۆلام گشت دەمێ
میوەی خۆشتان دەدەمێ



لەتیف هەڵمەت
سلێمانی

# ژینگەی قوتابخانە

با ژینگەی قوتابخانە
هەردەم ڕەنگین و پاک بێ
هەموو ژینگەپارێز بین
هەتا ڕەوشتمان چاک بێ

ئێمە قوتابین لێرە
قوتابخانە ماڵمانە
خۆشمان دەوێ وەکو چاو
خۆشەویستیی دڵمانە

دەیپارێزین بەڵێن بێ
چونکە بۆمان فێرگەیە
دەزانین قوتابخانە
کە خۆشترین ژینگەیە

ڕۆستەم خامۆش
هەولێر ٢٠٢٠/١/٢٨



# کردەوەی چاک

منداڵێکی دڵپاکم
خاوەن کردەوەی چاکم

ڕەوشت بەرز و بەڕێزم
چونکە ژینگەپارێزم

خۆشمەدەوێ کوردستان
خاکی پڕ لە گوڵستان

دەمەوێ هێندە جوان بێ
ڕازاوەی گشت جیهان بێ

لە دەشت و گرد و کۆسار
یان لە گوند بم، یاخود شار

پیسی ناکەم وڵاتم
جێیە بۆ گشت ئاواتم



ڕۆستەم خامۆش
هەولێر ٢٠٢٠/١/٢١

# ژیـنـگـە



ژیــنـگــە ئــاو و هــەوایــە
ئەو خاکەی ئێمەی تیایە

دار و درەخــــت و بــاخــە
ئاسمان و دەشت و شاخە

خۆڵ و خاشاک و دووکەڵ
ژەهــرن بــۆ مــەل و ئاژەڵ

ژینگەمان بۆ پیس دەکەن
گوڵ وگوڵزار سیس دەکەن

پەتا و دەردمان بۆ دێنن
ژیــانــمــان دەشــێـوێـنـن

وەرن هــەمــوو یــەکـبگرین
ژینگـەمـان پـاک ڕابگرین

**محەمەد بەرزی**
**ئەمریکا ٢٠١٩/٥/٦**



# ژینگەی کوردستان

بە دارستان و باخی
بە کێڵگەودەشت و شاخی

بە باڵندەو گیانداری
چەم و کانی و ڕووباری

ژینگەی ئەم کوردستانە
پاك و دڵگیر و جوانە

لە کاتی گەشت و سەیران
چون بۆدەشت و سەرکێوان

کاتێ دەگەڕێمەوە
کە بەرەو ماڵ دێمەوە

چاودەگێڕم لەوناوە
چی پاشماوەم جێماوە

کۆی دەکەمەوە تەواو
دەیبەم بۆ جێگەی شیاو

بە هەموو تواناو هێزم
ژینگەکەم دەپارێزم

ئەمین محەمەد
سلێمانی

# شانزەی نیسان



ڕۆژی ژینگە، شانزەی نیسان
دەست لەنێودەستکەین هەموومان

هەریەکەمان با نەمامێ
بڕوێنین لە ڕۆخ شەقامێ

حەوشە و کۆڵان پڕکەین لە دار
بیکەین بە دارستانێ شار

دەی هاوڕێیان با دەسپێبکەین
ژینگەی شارەکە خاوێنکەین

پاك و سەوزێ خۆشە ژیان
هەر ئاوەدان بێت کوردستان

عوسمان دەرویش
کەرکوك

# دۆستی ژینگەم

مــــن زارۆی قـشـتـیـلانـەم
چـــاوگـــەش و خنجیلانـەم

دۆســتی ژینـگـەم هـەموو دەم
گـیـــانـــداران ئـــازار نـــادەم

دار و نــەمـــام دەچـێـنــم
لـقــی درەخـــت ناشـکـێـنــم

نـە پـاشـمـاوە، نـە خـاشــاك
فـڕێ نـــادەم لـەسـەر خـــاك

بـۆیـە لای خـەڵـك بـەڕێـزم
پـــاكـم، ژیــنـگــەپـارێـزم

عوسمان دەروێش / کەرکوك



# ژینگەها مە

بۆ ژینگەهەکا پاقژ
دێ بین ئاواز و لاڤژ
یا بێ دویکێل و کادی
تێدا بژین ب شادی

لێ نەبرن دار و بار
بر نەکەین چ گیاندار
بپارێزین خەملا وان
هەر وەک بیبیکا چاڤان


نەشێلین کانی و ئاڤان
دا لێ خۆش بن سەیران
دا لێ بگرژیت ئەڤین
تێدا خۆش ب بیتن ژین

دەشت و چیا و ئاقار
تەڤدا گولشەنن گولزار
ئارام دکەتن دەروون
پێ شادن مان و هەبوون



ئەلند مزووری
دهۆك

# ژینگەهـ



ب پارێزن ژینگەهێ
خەمل و رەوشا وارگەهێ
دڤێ پیسنەکەین ئاقاری
دا گەش بیت روویێ واری

جهێ سەیرانا و گەشتێ
خۆشکەین وەکا بەهەشتێ
دا هەر پاک و بژین بیت
پری ژین و ئەڤین بیت

ژینگەهەک پاک وهەردەم
گیان پێ دبیت ساخلەم
خەملا وێ هەر بۆ مەیە
پیرۆزیا وارێ مەیە

نەبڕن دارێت چیا
نە بەزینن کۆیڤی یا
شینکاتی و گیاندارا
ب پارێزن وەک جارا

ئەلند مزووری
دهۆك

# تیشکی خۆر



دارو درەخــت و بـوونـەوەر
گشت ڕوح لەبەر و بەشەر
موحـتـاجی تیشـکی خـۆرن
بـەبــێ ئــەو زۆر کـڵـۆڵـن
بـەڵام تیشکی خـۆری جوان
بـــۆ مـنـاڵان و بـــۆگــەوران
لـە دوو سات زۆر بەسوودە
لــە خــۆرهــەڵات تـاکـو دە
دوای کاتژمێر دە زیانبەخشە
خۆت لێی دوورخـە هەمیشە
دوو سـەعـات پێش خـۆرئاوا
ســوودی خـۆرەتــاو گــەڕاوە
تـەنـهـا لـەم دوو سـاتانـە
خــۆر بــۆمــرۆڤ دەرمــانــە
ئێسـقـانـم بـەهێـز دەکـا
نەخــۆشـیم لێ دوور دەخـا
مــادام خـــۆرەتـــاو وایـــە
ڤیــتــامیــن دی تێـدایــە
من خـۆم دەدەمـە بـەرخـۆر
وەردەگــــرم خـــۆراکـــی زۆر

د. هاوژین سلێوە
کۆیە

# گوڵ

چەند جوانە ئەم شاگوڵە
نەشئەهێنی ئەم دڵە

پەروەردەی دەستی خۆمە
بۆنی بۆتۆ و بۆخۆمە

تۆی لێدەگرمەوە
لە باخچە دەیچێنمەوە

کە بوون بەشتلی جوان جوان
دەیبەشمەوە بە منداڵان

فێریاندەکەم بیروێنن
ئاوی دەن نەیشکێنن



د. هاوژین سڵیوە
کۆیە

# مەل و ڕاوچی

عەلی بەختەوەر
هەولێر

ڕاوچی.. ڕاوچی.. هۆ ڕاوچی
بۆ دەمکوژی لەسەر چی !!
بکوژی مەل و گیاندار
دەست بە خوێنی ستەمکار
لەبەر چی ڕاوم دەکەی
گیرۆدەی داوم دەکەی
ئەی نازانی خوێنڕژان
دنیا دێنێتە هەژان
هەموو گیانێ شیرینە
حەزی لە مان و ژینە
خۆشە بژین بەختیار
سەربەست بین ئێمەی گیاندار
ئازاد بین ورد و درشت
بە ئێمە جوانە سروشت





# دارستان

چەند جوانە کوردستان
بە دیمەنی دارستان
گوڵ و گوڵزاری ڕەنگین
مێرگی ڕازاوەی نەخشین
چاندنی دار گرنگە
بۆ پاراستنی ژینگە
بۆ سەیران، گەشت وگوزار
لە وەرزی جوانی بەهار
گەر هەوای پاك هەڵمژین
بەبێ نەخۆشی دەژین
گەلی کورد بە ئازایی
بە درەخت و سەوزایی
وڵاتێکی قەشەنگە
لە جیهان بەناوبانگە

عەلی بەختەوەر - هەولێر



# چوونە سەیران

ئەمڕۆ وەرزی بەهارە
بزەی دوند و بنارە
ئێمە دەچین بۆ سەیران
بۆ شادی و خەم بەبادان
لەوێ ژینگە پیس ناکەم
بەهار پەست و سیس ناکەم
نایکەم بە زبڵ و خاشاك
گشت شوێنێ ڕادەگرم پاك
جوانە ڕەنگی بەهاریم
وڵاتی کوردەواریم

ئای لە گوڵ و سەوزاییم
زنە و شیو و بەرزاییم
چەند شیرین و قەشەنگن
جێگەی خۆشی و ئاهەنگن
سەیری پێدەشت و چیا
پڕ لە گوڵ و گەڵا و گیا
یاخوا بەهار هەر جوان بێ
شابووکی گشت وەرزان بێ

**زیاد ڕەشاد قادر**
**هەولێر**



# پاراستنی ژینگە

بـە کــوڵانــیَ تـێــپـەڕیـم
دیـم پــڕ زبــڵ و خاشاکــە
پرسیارێك بە مێشكما هات
کــیَ لــەم کــوڵانـە پاکـە؟!

ئــەوە بـــووو.. بــە وانـەیَ
بــۆ مــنیَ کـــە بچـــووکم
تـا.. لە خۆمدا دەستپێکەم
کـــە خـاوێـن و چاپـــووکم

ئـــا.. پـــاراســـتـنی ژیـنگـە
لەســــەر مـن تــۆ و ئـەوە
با.. هۆشیاربین.. با.. فێربین
نـــەوە لــــە دوای نــەوە

**بڕوا موحەممەدی**
**هەولێر**



# ژینگەپارێزی

منداڵان، با.. هەموومان
ژینگەمان بپارێزین
بە بیر و ڕەوشتی چاك
ڕۆشنبیر و بەڕێزین

لە ماڵدا و دەرەوەدا
لە باخچەی شارمان
ژینگەپارێزی وڵات
ببێتە هەستی کارمان

چونکە ژینگەپارێزی
خۆشی ژینی دونیایە
هەستورەوشتوخاکیش
ناز و بەخششی خوایە

بڕوا موحەممەدی / هەولێر



# چاندنی دار

بـۆ چاندنی دار، بۆ سـەوزایی خاک
بۆ تەندرووستی و لەبۆ ژینگەی پاک

لـە پێنـاو ژیـان تـا ئـاســوودە بن
منــداڵان بـایـەخ بـە ژیـنگە بدەن

هۆشیاربن لە ئاست پیس بوونی ژینگە
ژیـنـگـە پـارێـزیی ئـەرکـەو گـرنگە

پیس بوونی ژینگە وەکو جەنگ وایە
خـاوێنیی ژینگە لەشساغی تیایە

سەمیر بێچارە
هەولێر



# من گوڵم



مــن گـوڵم ڕەنگا و ڕەنگم
بێگــەرد و زۆر قەشـەنگم
بــاخــان دەڕازێـنــمــەوە
دڵان دەبــووژێـنــمــەوە
لە من گوڵاو دروست دەكرێ
ماڵی پێ بۆنخۆش دەكرێ
مـن لـە هەندێك منـداڵان
گلەییم هــەیــە لێیـان
گــەڵام هــەڵدەوەرێـنـن
ڕەگ و ڕیـشــەم دەردێـنـن
باخەكان پێشێل دەكـەن
زبـڵ و پـیـسـی تێدەكـەن
ژیــنـگـە ناشـیـرین دەبێ
دیــمــەنـی شـێــواو دەبێ
دەســـا وەرن منـــداڵان
بەڵێن بدەیـن هەموومان
هـاوڕێی دڵسۆزی یەك بین
پــارێزگـــاریی ژینگـە بیـن

د. سۆزان سۆفی
هەولێر

# ژینگەی کوردستان



وڵاتـــم کـــوردســـتـــانـــە
ڕازاوەیـــــەو، زۆر جـوانـە

جۆگا و کانیاو و ڕووبـار
خۆش و سازگارن سازگار

دەبـا ژیـنـگـەپـارێـز بیـن
تا لەشساغ و بەهێز بین

بـیـپـارێـزیـن هـاوڕێـیـان
ژینگەی جوانی کوردستان

د. سۆزان سۆفی
هەولێر

# باخەکەمان



باخەکەمان ئاوەدانە
دڵگیر.. دڵڕفێن.. زۆر جوانە

پڕ لە گوڵی ڕازاوەیە
هەتا بڵێی گەشاوەیە

وەکو بەهەشتە دیمەنی
وەك فەرشی سەوزە چیمەنی

کورسی دارین، نافورەی ئاو
حەوزی ڕووناك وەکو کانیاو

گشت ڕۆژ دەچینە دیداری
گونجاوە.. پاکە بۆ یاری

بۆیە هەردەم پاك ڕایدەگرین
وەکو چاومان دەیپارێزین

ئاوی دەدەین و دەیکێڵین
گوڵی نوێی تێدا دەنێژین

زرار عەلی
چەمچەماڵ

# پۆلیسی دارستان

سڵاو لە تۆی هاوڕێی سروشت
ئەی پۆلیسی دارستان
هەمیشە وای لە دەشت و کەژ
بێ ماندووبوون و وەستان
ئەرکت پیرۆزە پێشمەرگەی
پەرژینی ژینگە و ژیان
سروشت بەبێ دار و درەخت
بیابانە و تەمتوومان
بەبێ باڵندە و بێ کێوی
چی جوانە دەشت و کێوان؟
هەناسەی گوڵ.. هاژەی ئاویت
قاسپە و چریکەی مەلان
نووری چاویت.. خۆشمان دەوێت
ئەی پۆلیسی دارستان

زرار عەلي
چەمچەماڵ



# ژینگە

ژینگەکەم دەپارێزم
بە بیر و بڕوا و هێزم
سروشت کە ناشێوێنم
لقی داران ناشکێنم
کانی و کارێز تێك نادەم
بۆ خزمەتیان ئامادەم
فڕێ نادەم پاشماوە
لەم سروشتە ڕازاوە
بە چاو و بە دەست و پام
لە خزمەتی ژینگەدام

شوان ئەحمەد / ڕانیە



# ژینگەی ئێمە



ژینگەکەمان دڵگیرە
جێی ئاسوودەیی بیرە

پڕ دارن دەشت و شاخی
پاکژن ڕەز و باخی

کانی و ڕووباری ڕوونن
وەک ئاوێنەی گەردوونن

سەیرانگا و پارکەکانی
تابلۆیەکن لە جوانی

ئەم سروشتە کەوایە
دیاری دەستی خودایە

پێویستە لەهەر شوێنێ
خاوێنی خۆی بنوێنێ

شوان ئەحمەد / ڕانیە